کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:52 27-5-2007

## ئەری ئێوە دیموکراسیەت کڕن یان دیموکراسیەت فرۆشن ... سابیر حوسێن



ناوە ناوە وەکو ئەخەلکە لەمیدیاکان دەبیستم و ئەبینم و ئەخوێنمەوە کەسەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و بەرپرسانی حکومەت و وەزیرە بەرێزەکان و تادەگاتە بەرێوەبەرە گشتیەکان و سەرۆکی حیزب و لایەنە سیاسیەکان و بە رێکخراوەکانیشەوە
پێش وازی لەنوسەرێك یان یەك دو نوسەری بیانی دەکەن و پالپشتی تەواوی خۆشیان بۆئەنجام دانی هەرکارو نەریتێك نیشان دەدەن کەشاندی میوان بەنیازن لەماوەی مانەوەیان لەهەرێمی کوردوستان ئەنجامی بدەن تا ئێرە ئاساییە چونکە کورد هەمیشە بەوە ناسراوە بۆ بێگانان دەست لەسەر سینگانە بەلام ئەوەی ئاسایی نیەوە بەندە چەندی لێك دەداتەوە لێی حالی نابێ
ئەرکی ئەو برانوسەرانەیە کەزۆربەی جار بۆئەوە دێنە هەرێمی کوردستان گوایە کەشتێك لەسەر بارو دۆخی هەرێمی کوردستان دەنوسنەوە لێکۆلینەوەیەکیش لەسەر بارو گوزەرانی هاولاتیان یان بارو دۆخی ئاسایش لەهەرێم ئەنجام دەدەن.
ئەوەی سەیرە بەلای منەوە ئەو ئامادەباشیەی بەرپرسانی حیزبی وحکومیە بۆ ئەو بیانیانە لەکاتێك دا ئێمە دەیان نوسەری ناودارمان هەیە کەدەیان لێکۆلینەوەی زانستیی و کتێبیان نوسیوە
خەریکە ئەو رەش نوسانەیان لەئەرشیفا لەناوئەچی کەچی نەك بەرپرسانی حکومەت و حزب بەلکو خودی لایەنە پەیوەندی دارەکانی وەك وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردەو دەزگاکانی چاپ ئەوانیش ئامادەنین بابەت و لێکۆلینەوەو کتێبەکانی نوسەرانی کورد لەچاپ بدەن بە هەمان شێوە سەبارەت بە پرۆژەخزمەت گوزاریەکانی تریش دەبینین بۆ بیانیەك ئاسانکاری و ئیمتیازو پارە هەلدەرێژێت کەچی بۆ مقاولێکی کوردیش هەزارو یەك کۆسپی دەخەنە بەردەم بەلام ئەوە نالێم کەفلانە مقاول خزم یان شەریکی مەسئولێك بێت ئەوە بێ گومان چاوی لی دەپۆشری حالەتێکی دیکەش کەزۆر دانسقەیە ئەویش زەکەریای گۆرانی بێژە کە بەقودرەتی قادر لەشەورۆژێك دا جیهانی هونەری بۆدونیای بزنسمان بەجێ هێشت و تێی دا سەرکەوتوو بوو بۆیە حەقمانە بپرسین ئاخۆ کی لەئەزمونی کوردستان وبارو دۆخی ئاسایش و خاك و خۆلی ئەم کوردستانە شارەزاترە نوسەرێکی عەرەب و مقاولێکی تورك نوسەرو مقاولێکی کورد؟
بەراستی هەلوێستی بەرپرسانی ئێمە مایەی پێکەنینە دەپرسین ئاخۆ بەرپرسان بەم هەلوێستە تەمومژاویان دەیانەوی دیموکراسیەتمان پی بفرۆشن یان خۆیان موشتەری دیموکراسیەتن؟ خۆئەگەر بلێن موشتەری و کریاری دیموکراسیەتین ئەوا راشکاوانەو بەبی دوودلی وولامەکەتان دەدەمەوە ئەگەر وابێت بەراستی موشتەریەکی خراپن و دیموکراسیەتانیش هەرزان فرۆش کردوە چونکە بەراستی حەیفە کەدیموکراسیەت بەو پارە زۆرە بکرن و کەچی بۆموزایدە کردن والەناو خەلکی هەرزان فرۆشی بکەن بەوشێوەیەش چین و توێژەکان گالتەیان بەناوهێنانی دیموکراسیەت بێت و فشەی پێ بکەن ئەوەتا بەچاوی خۆمان رۆژانە دەبینین هەرکاتێك لەمیداکانی کوردیدا باس لەدیموکراسیەت بکری پشتی تێدەکەن و لەجیاتی کاریگەر بوون پێی. ترحێوی بۆهەلدەدەن. بەلام ئەگەر ئەوبەرپرسانەی ئێمە بلێن.
دیموکراسیەتان پێ دەفرۆشین ئەوە بەدلنیایەوە لەجیاتی هەموو خەلکی کوردستان پێتان دەلێم بەخوا کەس موشتەری ئەدیموکراسیەتەی ئێوە نیە تەنها سوێندی ماستاوچیەکان ناخۆم کەقەلەمیان تیژ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردۆتەوە تاوەکو بەشان و باڵی دیموکراسیەتە بی ناوەڕۆکەکەی ئێوە بخوێنن. بۆیە هەرکاتێك ئێوەلە ڕێگەی کەناڵەکانەوە باس لەدیموکراسیەت دەکەن گچکەکان بەر لە گەورەکان خێرا بەر لەکۆنترۆل کەناڵەکەی ئێوە دەگۆڕن. لەم بەینەوە پرو پاگەندە بۆدیموکراسیەت دەکەن دەیگۆڕن و ئەگەریش لەرۆژنامە باسی هەمان دیموکراسەت بکەن ئەوە دیسانەوە پەری رۆژنامەکە ئاودیو دەکەن و لەجیاتی ئەوەی چاویشیان بەخوێندنەوەی وانەی دیموکراسیەتی ئێوە شل بکەن دەچن و کەلوەکان دەخوێننەوە چونکە هەردوکیان درۆو دەلەسەیە بەلام جیاوازیەکیان لەوەدایە ئەو دیموکراسیەتەی ئێوە باسی لێوەدەکەن ماندو شەکەتیان دەکات بەلام درۆی کەلوەکان درۆیەکی رەزا سوکە یەعنی لەدرۆکەی ئێوە راسترە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.